# دەوڵەتی عێراق دەبێت لە بەرامبەر پرۆسەی ئەنفال بەروونی داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات

## ڤیدار بێرگڵاند، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی لێتوێژینەوەی نەرویجی بۆ مافی کورد:

دیداری/ عومەر محەمەد

**وەک جاران نییە بە تەنها چیاکان دۆستمان بن، ئێستا لە هەموو کاتێک زیاترن، ئەمەش پەیوەندی بە ئەندازەی ئازراەکانی کورد و خەباتە ڕەواکەیەوە هەیە، ئەم دیدارە لەگەڵ ڤیدار بێرگڵاند، بەرێوەبەری ڕێکخراوی لێتوێژینەوەی نەرویجی بۆ مافی کورد دەربارەی پرۆسەی ئەنفال و بە کۆمەڵکوژی کورد.**

---

**عومەر محەمەد: بەخێرهاتی بۆ کوردستان، ئەگەر بکرێت تایبەتمەندیتی بواری کارکردنتمان بۆ روونبکەیتەوە؟**

ڤیدار بێرگڵاند : بەرپرسم لە ڕێکخراوێکی نەرویجی کە تایبەت بۆ مافی کورد دامەزراوە، ئەوە ئەو ڕێکخراوەیە کە گرنگی ئەدات بە حاڵوباری کورد لەو وڵاتە. دەمەوێت ئەوەشت پێ بڵێم یەکێک لە بەرپرسەکانی ئەو ڕێکخراوە یەکێکە لە بەرپرسو سەرکردە باڵاکانی وڵاتەکەی خۆمان نەرویج.

**عومەر: هەڵبەتە من دەمێکە دەزانم کە ئێوە ڕێکخراوێکتان هەیە تایبەت بەمافەکانی کورد، کەوایە دەبێت بە ووردی ئاگاداری هەموو ئەو مەینەتیو پێشیلکاریانەی مافی مرۆڤ بن دەرهەق بە کورد، کە بەشێکە لە کۆی مرۆڤایەتیو تائێستا لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی خۆی بێبەشە؟.**

ڤیدار بێرگڵاند: بەڵێ لە ساڵی ١٩٩٥ دا ئەم ڕێکخراوە دروستبووە، بۆ ئەو مەبەستەش دروستبووە تا بزانێت لە ساڵانی هەشتاکاندا چی تاوانێک دژ بە کورد ئەنجامدراوە؟ ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٨دا ڕوویداوە کارەساتێکی گەورە بووە، تاوانەکان دژ بە کورد گەورە بوون، بە داخەوە پێشتریش جێگەی گرنگی پێدانی ئەو ناوەندو لایەنانە نەبووە کە لەکاتی خۆیدا پێیان نەزانیوە، فاکتەری ئەوەش، دە گەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەتاکو ئیستا کورد دەوڵەتێکیان نیە. ئەگەر دەوڵەتێکیان هەبوایە، تاوانەکان ئاوا بە بێدەنگی لەدژی پیادە نەدەکران.

**عومەر: باسی نەبوونی دەوڵەتی کوردیت کرد، فاکتەری نەبوونی دەوڵەتی کوردی بۆچی دەگێڕێتەوە؟ لەکاتێکدا بە پێی یەکێک لە بەندەکانی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ هەقی ئەوەی هەیە سەربەخۆ بژی؟**

ڤیدار بێرگڵاند: بیروڕای شەخسی من وایە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مێژووی کوردستان ئەمەی دروستکردووەو هۆکارێکی جیۆپۆلەتیکیشی هەیە، ئەمە جگە لەوەی جوگرافیای ناوچەکەش هۆکاربووە بۆ ئەو دابەشبوونەی ڕێگەی لە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ گرتووە، کوردستان هەمیشە کەوتووەتە سنوری ئەو وڵاتانەی قازانجیان لە دابەشکردنی دا هەبووە، کاتێک کە دەرفەتی ئاڵتوونی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد درووست بوو لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، ئینگلیز ووتەنی ئەو کێکەی کە هەبوو لە نێوان هێزەکانی ئەورووپادا دابەشکرا، بەرکورد خۆی نەکەوت! وەلەو کاتەدا دەوڵەتێک بۆ کورد مایەی گرنگی پێدان نەبوو، هەروا کورد خۆشی نەبووە ئەمری واقع، بەڵکو بە شتی لاوەکیەوە خەریک بوون، ئەو کۆڵۆنیالیزمیانەی لە ئەوروپا بیریان لێکرایەوە وایکرد شتێکی زۆر جیاوازتر لەم ناوچەیە روبدات، مقارنە بە شوێنێکی تر. من بیروڕامولیە هۆکاری سەرەکی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی پێکهاتەی جوگرافی ناوچەکەو رۆڵی کۆلۆنیالیزم بوو لە ناوچەکەدا. کە ئەمەش بووە هۆی دابەشبوونی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا کە خۆتان دەزانن کوێن، بەڵام ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەو حەقیقەتە تاڵەیە کەوا ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکرا، بە رەفتاری زۆر قێزەوەنەوە مامەڵەیان لە گەڵ کورد کرد، زۆر ناشرین داواکاریەکانیان پشتگوێخستنو بەتوندوتیژیەکی زۆرەوە سەرکوتیانکردن. لەسەروو هەمووشیانەوە رژێمی بەعس کە جینۆسایدی گەلی کوردی کردو هەروەها تورکیاش.

**عومەر: باست لە جوگرافیا کرد، باشە ئەگەر ئەم ناوچەیەی کوردی لەسەر نیشتەجێیە پێگەیەکی ئابوری بەهێزی نەبوایە کورد وەکو ئێستا بە هەژاری دەژیا؟ توشی ئەم هەموو کارەساتە دەبوو؟ جینۆساید دەکرا؟**

ڤیدار: بەبڕوای من ئەمە کەمترین گرنگی هەیە، هەروەکو باسم لەدابەشکردنی کێکەکە کرد، بەڵام یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان ئەوەیە چۆن عێراقیان دروستکردووە؟ واتا بۆ بەو شێوەیە دروستکرا؟ چونکە هەلومەرجی عێراق کە دەوڵەتی عێراقی بەو پێکهاتە ئاڵۆزەوە دروستکرد، ئەمە وایلێکردووە کە هیچ شتێک ئاسان نەبێت لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتانەی لەو دەوڵەتە کەوتنەوە.

**عومەر: ئەو کارەساتەی ئەلمانیای نازی لە دژی جولەکەکان کردیو کارەساتی هۆڵۆکۆستی لێکەوتەوە، رژێمی عێراق ئەنفالی کوردی کردوو شارو گوندەکانی کیمیابارانکرد، ئەمە سوکایەتی بوو بە مرۆڤو مرۆڤایەتی کە دواجار هەر دەبێت مرۆڤایەتی ئەم قەرزانە بداتەوە؟ ئەو وێرانیانە چاک بکاتەوە؟.**

ڤیدار : تۆمەبەستت لە بنیاتنانەوەی مرۆڤایەتییە ، یان قەرەبووی کورد؟

**عومەر: مەبەستم لەچۆنیەتی بیرکردنەوەو ئەدای قسەکردن لەسەر بنیاتنانەوەی کۆی مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی جینۆساید لە بەین ببرێتو کاریگەریەکانی بسرێتەوە؟.**

ڤیدار : سەرەتای پرسیارەکەم بەلاوە گرنگە چۆن تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی جیهانی بکەین، تاوان دژ بە مرۆڤ ئیتر کوردبێت یان هەر نەتەوەیەکی تر بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی دەوڵەتی هەیە یان نا، ئەوەی لە بەعسو نازیزم بینیمان هەروەک لە تورکەکانیش، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە لینکێک (پەیوەندیەک) هەیە لە نێوان ئەم ئایدۆلۆژیا شەڕانگێزانەدا هەریەک لەمانە چ فاشیزمو چ نازیزم، تاوانی گەورە گەورەیان ئەنجامداوە جینۆسایدیانکردووە، ئەوەی لە هۆڵۆکۆستوئەنفالو هەڵەبجەو هەروەها جینۆسایدی ئەرمەنیەکانیش، ئەمانە تاوانی نێونەتەوەیینو مەترسی گەورەیان لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی هەیە.

**عومەر: من وەکو نەتەوە پەرستێک ئەم پرسیارەت ئاراستە ناکەم، چونکە ئازاری هەر کەسێک، هەر نەتەوەیەک لە هەر رەگەزێک بێت ئەفریقی بێت یان ژاپۆنی، عەرەب بێت یان جولەکە بۆ منیش ئازارە، ئازاری مرۆڤە ، خۆشحاڵم ئەمڕۆ کەسێکی نەرویجی دوور لەنەتەوەکەی خۆم هاتووە بیر لەئەنفالو کارەساتەکانمان دەکاتەوە، چۆن بیر لەوە بکەینەوە ئینسان هەستێتەوە سەرپێ؟**

ڤیدار: لێرەدا وانەیەک فێربووین لەوانەی کەتاوانی جینۆسایدیان ئەنجامداوە وە دەبێ ئەوەش لە بیرنەکەین کە خەڵکانێک هەبوون بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی ئێمەوە کە ئەنجامدانی تاوانەکەیان لەئەستۆ بووە، ئێستا لە ژیانداماونو ئەمە بەلامەوە قورسە کە چۆن ئیسرائیلیەکان وا بیربکەنەوە کە هەمان پاکتاوی رەگەزی لە دژی فەلەستینیەکان ئەنجام نەدەن، ئەوەش بەلامەوە گرانە کەدەبینم خەڵکانێکی ئەکادیمیستو پرۆفیشناڵو روناکبیرو رۆشنبیردەبینم کە پاساو دەهێننەوە بۆ توندوتیژی بۆ مومارەسەکردنی حەقی خۆیان شەرعیەت دەدەنەوە بە توندوتیژیو بێشیلکردنی مافەکانی خەڵکی تر. ئەمە دیدو فکرێکی مەترسیدارە. تکا دەکەم تۆش ئەوە بە موجامەلە تێمەگە بەلامەوە شتێکی جوانە کەدەتانبینم رقتان لە خەڵکی تر نییەو دەتانەوێت بە ئاشتی لەگەڵ گەلانی تردا بژین، یان ناتانەوێت تۆڵەی خۆتان بکەنەوە لە دوای ئەنفالو کیمیابارانیش، لە هەمانکاتدا لەبیرمان بێت زۆر گرنگە خەڵکی بزانێت چی دەکاتو خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بەرانبەر بەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن. بیرکردنەوە لە ئەنفال نەبێتە هۆی ئەوەی کاردانەوەی کورد، رەفتاری شەڕانگێزیو توندوتیژ ئامێزی لێبکەوێتەوە.

**عومەر: وەک لە پێشەوە باسم کرد من دژی هەموو توندوتیژییەکم لە پێش هەموویانەوە ئەو توندوتیژیانەی نەتەوەکەی خۆم بەرهەمی دەهێنێتەوە، یان توندوتیژیەک دژ بەنەتەوەیەکی تر بیکات، پرسیارەکەم ئەوەیە چۆن رووبەرووی جینۆساید ببینەوە؟ تۆ لە نەرویجو من لە کوردستانو یەکێکی تر لە ژاپۆن؟**

ڤیدار: بەبڕوای من ئێوە باشترین نمونەن، کوردستان باشترین نمونەیە دوای ئەوەی کە جینۆسایدکراوە، ئەو کارەساتانەی تێدا رویانداوە، غەدری گەورەو تاوانی نێونەتەوەیی لە دژ پیادەکراوە، کەچی ئێستا دەبینم لەگەڵ خەڵکانی تردا دەژین، عەرەبێکی زۆر دەبینم لە کوردستان کاردەکەن، ئاینی تر هەیە لێرە کەچی بەبەراورد لەگەڵ خوارووی عێراقدا جوانترینو گەورەترین لێبوردەیی هەیە، من ئەم حەقیقەتانە دەبینم، یەزیدی، مەسیحی، عەرەب، موسولمانو جولەکەش هەیە. ئەو پێکەوەژیانە بەهای گرنگیان هەیە. هەروەها ناوەندی (هەڵەبجە-چاک)یش لەخۆرئاوا نمونەیەکتانە کەخەڵکی جیاوازو بیروڕای جیاوازی لە خۆی کۆکردووەتەوە.

**عومەر: ببورە ئەگەر خزمەتێکت بکەم، لە کاتی راپەرینی خەڵکی کوردستان، سەرباری گەمارۆی ئابوریو برسێتی، سەرباری برینەکانی ئەنفالو کیمیاباران، سەرباری وەزعی نا ئەمنی کاتێک کەسەربازەکانی لەشکری عێراق (جگە لەدامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی )کەوتنە دەست خەڵکو چەککران، خەڵک خزمەتی کردن، نانیان دەدانێ جلو بەرگو بەتانیان بۆ دەبردن، بریندارەکانیان تیماردەکرد، لەشەکرەکەش کەم نەبوو ناندانی ئەو لەشکرە کەم نەبوو، هەرگیز ئەمەشمان نەکردووەتە منەتێک بەسەر نەتەوەی عەرەبەوە، بەڵکو بەئەرکێکی ئینسانی خۆمانمان زانی، بەڵام بەداخەوە زۆر لەوسەربازانەش کە دەڕۆیشتنەوەو بەعس چەکداری دەکردنەوە بەهەمان شێوازی توندوتیژی خۆیەوە لە بانی مەقانەوە دەهاتەوە، بەڵام ئەمجارەیان نەک وەک دیلێک بەڵکو وەکو هێرشبەرێک، پێت سەیر نەبێت سەربازی واهەیە لە چەمچەماڵ ٣ جار بەدیلگیراوە لەلایەن خەڵکی راپەریوەوە.**

ڤیدار : ئەم هەڵوێستەی خەڵکی کوردستان زۆر پۆزەتیڤە، من پێموایە جارێکی تر هەمان ئەم چیرۆکەی تۆم بیستووە، یان خوێندوومەتەوە، ئێستاش دەبینم کە ئاوارەیەکی زۆری خوارووو ناوەڕاستی عێراق هاتوونو لێرە کاردەکەن.

**عومەر: با جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر جینۆساید، پەیماننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید کە لەساڵی ١٩٤٨ ەوە بڕیاری لەسەردراوەو نزیکەی ١٠٨ دەوڵەت بە عێراقیشەوە واژۆیانکردووە، تا لەدژی جینۆساید راوەستن، تۆ تا چەندە گەشبینی بەو پەیماننامەیە، ئایا بۆچی تاکو ئێستا هەر مەرەکەبی سەرکاغەزە؟**

ڤیدار : من باوەرم وایە ئەو یاسایانە ژیانمان ناگۆرن بۆ جۆرێکی تەندروست، ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو مرۆڤانەی بە جوانی یان بە ناشرینی لەدنیادا دەژین، من دڵنیام ئەو تاوانانە روودەدەنەوە، چەندینجار روودەدەنەوە، لە رواندا لە کوردستان، وە ئەوە پێشبینیکراوە لەبەرئەوەی لەمپەرێک نیە لە دنیادا پێش بەو تاوانە مرۆڤایەتیو نێودەوڵەتیانە بگرێت، یان ئەگەر رووبدا هەڵوێستێک وەربگیرێت، کەواتە ئەبێت ئێمە تەرکیز بخەینە سەر یاساکانی مرۆڤ بۆئەوەی پێشێل نەکرێنەوە، چونکە چەندین دەوڵەتو حکومەت هەن، کە هاوکاری پەیماننامەی نێونەتەوەیی دژی جینۆساید ناکەن، بەتایبەتیش دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا، خۆ کوردیش بووە قوربانی ئەو هاوکاری نەکردنە. چونکە دەبوایە لە تاوانی هەڵەبجەو ئەنفالدا، حکومەتە گەورەکانی رۆژئاوا بێدەنگ نەبوونایە، وەلەسەر مافی مرۆڤیش هەرنەدەبوایە بێدەنگ نەبوونایە.

**عومەر: لەدوای جەنگی ساردیش، لەسەروەختی هەراو غەڵبەغەڵبی بازاری ئازادو جیهانگیریشدا هەر دڵخۆش نەبین بەو پەیماننامەیە؟**

ڤیدار: کاتێک دێینە سەر یاساکانی کۆمەڵی نێونەتەوەییو یاساکانی پەیماننامەی مافی مرۆڤ، بێگومان چەند هێڵێکی دیاریکراو هەیە کە ئەو یاسایانە رێگە دەگرن لە جێبەجێکردنی تاوانەکان، بەڵام ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوە نیە ئەو یاسایە رێگر دەبێت یان نا، ئەوەیە تاچەندە خەڵک بەپیر ئەو مافو یاساو ریسایانەوە دەچێت، تاچەندە خۆشحالە بەبونیانو رەخنەیان لێدەگرێت بۆ دەوڵەمەندکردنو هێنانە پێشەوەی مافی زیاتر.

**عومەر: من خۆم گەشبین نیم بەوەی خەڵک ئومێد بەو پەیماننامانە بکات، ئەوەی هەیە جگە لەخۆشخەیاڵی شتێکی ترنیە، ئەوە زیاتر پروپاگەندەی گەرمکردنی بازاڕە دەنا مافەکانی مرۆڤ لە کوێو بەندەکانی ئەو یاسایانە لە کوێ گۆڕە بە کۆمەڵەکانی کورد لەبیابانن، بەندەکانی پەیماننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدیش لە سەر رەفەکانی ئەو وڵاتانەی ئیمزایانکردووە؟.**

ڤیدار : (بە پێکەنینەوە) زۆر خۆشحاڵم کە تۆش پێیان خۆشخەیاڵ نیت، من لەوەڵامەکەم لەوە ترسام شتێکم ووتبێت پێچەوانەی بیروڕای تۆ بێت، خۆشبەختم لەمەشیاندا هاو ڕاپین.

**عومەر: دوێنی پێکەوە سەردانی گەرمیانمانکرد، لە نزیکەوە کاریگەریەکانی ئەنفالت بینی؟ بەتایبەتی لە ئۆردوگای رزگاری تۆ بینیت کە هەموو جۆرەکانی جینۆسایدت هەست پێنەکرد؟**

ڤیدار: ئەوەی بۆی لوابێت بەعس کردوویەتی، هەموو جۆرەکانی جینۆساید ئەنجامدراون، ئەوانەی کە زۆر مەترسیدارنو هەموو دیکتاتۆرێک زاتی سنوربەزاندنیان ناکات، بەعس بەزاندوویەتیو لەدژی ئەو خەڵکە کردوویەتی. هەر خەڵکی نەکوشتووە، وێرانکاری کردووە، لەهەموو رویەکەوە کەلەپورو کەچەروباری کۆمەڵایەتیو هەمووی خراونەتەوە ژێر فشاری جینۆسایدەوە، ئێستا بینیم خەڵک چۆن دەژی.

**عومەر: ئەمە ئەو سیاسەتە بوو کە بەعس لە دژی ئێمە پیادەی کردوو هەموو دنیا لێی بێدەنگ بوو؟ ئەو هەر گوندی نەڕوخاند، هەر کۆمەڵکوژی نەکرد شارەکانی کردینە گوندو ئینسانە ئازاکانیشی ملکەچکردین. ئەوەی دەمەوێت لێتی بپرسم ئەوەیە دوێنێ چوینە ماڵی حەمە عەلی ئەو پیاوەی لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان زۆر بەزەحمەت رزگاری بوو، بەڵام لە شەڕی ناوخۆدا بەئاسانی کوژراو گیانی لە دەستدا؟ ئەو شایەتە گرنگەی کورد بە فیرۆی دا، تۆ چۆن ئەو وێنەیەت بینی؟**

ڤیدار: ئەوە ئەو دیمەنە دڵتەزێنە بوو کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، دەبێت ئەوە رووداوە ببێتە دەرسێک کە هەرگیزاو هەرگیز شەڕی ناوخۆ نەکاتەوە.



**عومەر: مەبەستم گرنگی ئەو پیاوە بوو وەک شایەتحاڵێک لە سەر تاونەکانی بەعس ئەوەی ئەنفال نەیکوشتو خۆمان کوشتمان؟! ئەو شایەتەی بە زەحمەت دەست دەکەوێت؟**

ڤیدار: ئەوە زۆر گرنگ بوو، دوو خاڵم زۆر بەلاوە گرنگە چیرۆکی محەمەد وا لە کورد دەکات یەکگرتوو بێت، جارێکی تر هەق بە خۆی نەداتەوە کەرێگەکانی بەردەم شەڕی ناوخۆ هەموار بکاتەوە، ئەو خاڵەش زۆر گرنگە کە کارەساتی ئەنفال لە بیرنەکات، بۆئەوەی بزانن چی رویداوەو دۆکۆمێنتەکان بهێڵنەوە، بەڵام مردنی محەمەد کارەساتێکی گەورە بووە نەدەبوایە ئاوا بە ئاسانی لە دەستبچوایە.

**عومەر: ئەوەی بەلامەوە گرنگە تۆ بیزانیت، ئەوەی لەماوەی ئەو دوڕۆژەدا تۆ لەبارەی ئەنفالەوە بینیوتە، تەنها کاریگەریەکانی ئەنفالوجینۆسایدبوون، دەنا ئەگەربیێیتو بەناو چیرۆکەکاندا شۆڕببیتەوە دەکەویتە بەردەم دووریانێک یان ئەوەتا دەبێت دەستبەرداری هەموو هەستە ئینسانیەکانی خۆت بیت، یان دەبێت هەموو ئەنانیەتێکی خۆت توردەیتو ببیتەوە بە ئینسانێکی تەندروستو تێکۆشەر لە پێناوی ئەوەی ئەم چیرۆکانە دوبارە نەبنەوە؟.**

ڤیدار : بێگومانم چیرۆکەکانتان لە ئەنفالدا هەژێنەرن، بەتایبەتی ئەو کەسانەی خەڵکیان لەو کارەساتەدا رۆیوەو ئیستا بێسەروشێنن یان کوژراون. تەواو لەگەڵ تۆدا کۆکم مرۆڤ پێویستە لەبەرانبەر هەموو ئەو چیرۆکە ناخۆشانەدا هەڵوێستێکی هەبێت.

**عومەر: بەبروای تۆ حکومەتی عێراق چ ئەرکێکی لە ئەستۆیە، بەرانبەر جینۆسایدی کورد؟ دەبێت حکومەتی دوای بەعس چیبکات؟**

ڤیدار بیرگڵاند: زۆر ئاسان نیە بتوانم هیچی ئەوتۆ لەو بارەیە بڵێم، چونکە هەندێک گۆرانکاری هەیە لە بنەرەتەوە پێویستیان بە گۆرانە، بەتایبەتی ئەو خێزانانەی کە قوربانییان داوە، دەبێت وەزعیان چاکبکرێتەوە، هەروەها بۆ کۆمەڵگەی کوردیش کە ئەنفال هەڵیتەکاندووە دەبێت بنیاتبنرێتەوە، ئەوەش ئەرکی حکومەتی عێراقە.

**عومەر: ئەگەر تۆ هاوڵاتییەکی عێراقی بویتایەو جارێک دەرفەتی ئەوەت بۆ هەلبکەوتایە ببویتایەتە سەرۆکی عێراق یان پۆستێکی سەرۆکایەتیت وەربگرتایە لەبارەی ئەنفالەوە چی بڕیارێکت دەدا؟**

ڤیدار بیرگلاند: ئەوەی بەلامەوە گرنگ بوایە دەمکرد، هەروەها هەوڵمدەدا ئەو تاوانەو دەربارەی رژیمی سه دام حوسینیش لە سیستەمی پەروەردەدا بخوێندرێت، بەڵام تۆ ناتوانیت بۆ ئینسانیەت کاربکەیت ئەگەر وەزعی عێراق لە رووی ئارامیو ئاسایشەوە زامن نەکەیت، ئیستای وەزعی عێراق پاساوێکە کە هیچیان لە بارەی ئەنفالەوە نەکردبێت. ئەمەش ئەرکی حکومەتی عێراقە بە پەلە بیر لە چارەسەری ئەمنی بکاتەوە، بە هەرحاڵ بێمەوە سەر پرسیارەکە پێموایە کە ئەنفال دەرسێکی زۆر گرنگە بۆ هەموو ئەو کەسانەی یەکتر دەکوژن لە عێراقدا.

**عومەر: ببورە پرسیارەکەی من مەغزایەکی فراوانتری هەیە، مەبەستم ئەوەیە ئەرکی دەوڵەتی عێراق نیە کە بەفەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات؟**

ڤیدار: بەڵێ بە هەموو دڵنیاییەکەوە پێویستە ئەوە بکات.

**عومەر: ئەگەر نەیکرد؟**

ڤیدار: دەبێت بیکات.

**عومەر: ووتت ئەمساڵ بەنیازن کارێک بکەن، ئەوەش فیستیڤالیسکی گەورەیە بەناوی (ئەنفال) ؟**

ڤیدار: وەکو پیشتر باسم کرد ئیمە بەتەمای کارکردنین لە سەر تاوانەکانی کورد، ئەو ڤیستیڤاڵەش شتی جیاجیای تێدایە لەسەر کورد، لەپێش هەموویانەوە تاوانی ئەنفالو کیمیاباران.

**عومەر: بەنیازن کاری هاوبەش لەگەڵ ناوەندی (چاک)بکەن ؟**

ڤیدار: ئەوان هەندێک دۆکۆمێنتی باشیان هەیەو سوپاس کەهاوکاریتانکردین، بەتایبەتی ئەو دۆکۆمینتەی کیمیابارانی سەردەشت کە حکومەتی کوردی تاکو ئیستا نەیکردووە. کە دەبوایە بیکات؟

**عومەر: جاریکی تر بەخێرهاتنت دەکەم بۆ کوردستان، هیوادارم سەردانمان بکەنەوەو لە نزیکترەوە برینەکانی ئەم بەشە لە کۆی مرۆڤایەتی ببینن، بەتایبەتی ئیوە وەکو ڕێکخراوێکی ناحکومی.**

ڤیدار: زۆر سوپاس، بە هیوام زیاتر لەو کارەساتە رابمێنین.

**عومەر: من پرسیارم زۆرماوە بەڵام دڵنیام تۆ دوو دڵو نائارامی لەچاوەڕوانی فرۆکەکەت، دەزانم ئێستا هەموو بیرو هۆشت لە فرۆکەخانەیە، دووبارە سوپاس ئەگەر خۆت شتێکت مابێت؟**

ڤیدار: ئەوەی ماوە بیڵێم من ئەمە یەکەم جارم نیە بێمە کوردستان، سوپاسێکی گەورەم هەیە بۆ ئێوە، چونکە پینج جاری تر هاتوومە ئەم وڵاتە تەنها ئەم شوێنانەم دیوە (مەبەستی سلێمانی پالاس) ئێوە شوێنی گرنگتان پیشاندام، ئەوەش بەبێ ئێوە مەحاڵ بوو..ئەوەی لەم دوو رۆژەدا کردوومانە کاری گرنگن، ئەو چیرۆکانەی خوێندبوومنەوە لەبارەی ئەنفالی کوردەوە هەندێکیانم لەگەرمیان بە چاوی خۆم بینی.